



## بۆ بەرێز/ سەرۆکایەتی  پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
## ب/ڕاسپاردەکانی لیژنەی ناوخۆ

1. وەرگرتن و دابەشکردنی چەکە نوێکان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بێت و بەسەر هەموو میحوەرەکاندا دابەش بکرێت و لە سەر خاوەنداریەتی وەزارەتی پێشمەرگە بێت و هەوڵبدرێت یەکەی قەناس و چەکە قورسەکان لە هەموو محوەرەکاندا دروست بکرێت.
2. نەبوونی هێڵی بەرگری پشتیوانی بۆ هێڵکانی بەرگری پێشەوە کە گاریگەری هەیە لە سەر ورەی پێشمەرگەو پێویستە پەلە بکرێت لە دروست کردنی دا.
3. سزادانی ئەو فەرماندانەی بەبێ گەرانەوە بۆ سەروی خۆیان شوێنەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن و دەبنە هۆیی لە دەست دانی ناوچەیەك و پاداشتی ئەو هێزو فەرماندانەش بکرێت کە قارەمانیەتیان نواندوەو هەروەها بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم لە داهاتوودا بۆ هەموو میحوەرەکان بێت لە شەنگالەوە تا جەلەولا.
4. رێکخستنەوەی هێزەکان و پاکردنەوەیان لە هەلاتوەکان و سزادانی ئەوانەی تائێستا پێشمەرگە بوون و موچەیان وەرگرتوە وبەلام بەشداری جەنگ ناکەن و هەروەها بەردەوام بوونی دابەش کردنی مووچەی پێشمەرگە بە لیژنە.
5. چارەسەر کردنی کێشەی سوتەمەنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان،کە کاری کردۆتە سەر جولەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لەو ناوچانەدا.
6. لیژنەی پسپۆری وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ شوێنی سەربازگەکان و شێوازی سەرنگەرەکان دیاری بکات و لە ئێستاوە بیر لە زستان بکرێتەوە بۆ شوێنی مانەوەی هێزەکان و ئەویش بە دروستکردنی بارەگاو (قەلعە) لە شەرگەکاندا.
7. زیاد کردنی تیمی پوچەڵکردنەوەی تەقینەوەکان.

8. گواستنەی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ لەرێگەی هۆیەکانی وەزارەتی پێشمەرگەوە بێت،لە هێلی دواوەی(خلفی)شەرگەکان بۆ هێلی بەرگری پێشەوەو ڕاگرتنی ئوتۆمبیلەکانی پێشمەرگەو ناوخۆ لە هێلی دواوەی بەرگری.

9. قەدەغەکردنی کاری حیزبایەتی لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەو ناوخۆ و وەرنەگرتنی لێدوان لە بەرپرسە حزبییەکان و وەرنەگرتنی ئابونەی حزبی و لێپێچینەوە لەو میدیا حیزبییانەی کە لەم دۆخەدا نابەرپرسانە مامەڵەیان کرد .

10. گرنگی زیاتر بە ئاسایشی شارەکان بدرێت و باشتر کۆنترۆڵی بازگەکان بکرێت و بیر لە چارەسەری گونجاو بکرێتەوە بۆ ڕێکخستنی ئاوارەکان کە ئێستا لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا پەرش و بلاون .

لەگەڵ ڕێزمان......

**ایوب عبداللە اسماعیل**

**سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ**